| | | |
|---|---|---|
| **حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق**<br>**ئەنجومەنی وەزیران**<br>**وەزارەتی ناوخۆ**<br>**پارێزگای هەولێر**<br>**ب .گرێبەستە گشتیەكان** | KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ<br>MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE<br>PUBUC CONTRACTS | **حكومة إقليم كوردستان-العراق**<br>**مجلس الوزراء**<br>**وزارة الداخلية**<br>**محافظة أربيل**<br>**م . العقود العامة** |

پارێزگای هەولێر
هاتووە
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان

**ژمارە :** 429 **/ ٢٧٢ كوردی / 14 / 11 / ٢٠٢٣ زاینی**

## ئـــاگـــاداری

## ب/ كەم كردنەوەی نهێنی / ژمارە ( 205 ) بۆ جاری سێیەم

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان / كەم كردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی ( دابین كردنی جل و بەرگی نەخۆش {سێت منداڵ بوونی قیصری} دیسپۆزەبل بۆ نەخۆشخانەكانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) كە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پـێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو كۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەكانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێكی مۆركراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا كۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش كەش بە سكرتێری لیژنەی كردنەوەی تەندەرەكان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / كارگێڕی خۆجێیەتی بكرێ وە دوا كاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەكان كاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( ٥ ) شەممە ڕێكەوتی 28 / 11 / 2023 دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەكەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە كرێی بڵاو كردنەوەی ڕاگەیاندن دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كەسەی كە كەم كردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

**<u>مەرجەكانی وەرگرتنی تەندەر :</u>**

- كۆمپانیا تایبەت بێت بە یەكێك لەم بوارانە : ( **أ-** تایبەت بێت لە بەرهەمێنان - هاوردن - فرۆشتنی جل وبەرگی نەخۆش **ب-** تایبەت بێت بە پێداویستی پزیشكی **ج-** تایبەت بێت بە ئامێر و پێداویستی پزیشكی **د-** تایبەت بە بازرگانی گشتی (هاوردن - فرۆشتن) ی جل وبەرگی نەخۆش یان كاری هاوشێوەی كردبێت ).
- ئەستۆ پاكی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ كراوە بێت بۆ ساڵی 2023 .
- ماوەی پڕۆژە ( یەك ساڵ ) ی تقویمیە .
- كاتی بەسەر چوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لە بەرواری كردنەوەی تەندەرەكە.
- سزای دوا كەوتن (500,000) پێنج سەد هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بارمتەی سەرەتایی بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەركردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان و بەڵێندەر بكرێت و لەگەڵ تەندەر پێشكەش بكرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەكەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای كات و ڕۆژی دیاریكراو لە سەرەوە .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش كڕینی تەندەر بە سەردانی كردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەكان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- فرۆشتنی تەندەر ( 100,000 ) سەد هەزار دینار كە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە كاتژمێر (9) ی بەیانی تاكو (1) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**<u>تێبینی :</u>**

1. دوو ڕۆژ پێش كردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
2. هەموو بەڵگە نامە داواكراوەكان لەكاتی پێشكەش كردن لەناو تەندەر دابنرێت .
3. دەبێت كۆمپانیای بەشدار بوو پشتگیری فەرمی بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆڵ كردنی هێنان و دروستكردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشكی لە كوردستان ( كوالیتی كۆنترۆل ) بهێنێت بۆ مەبەستی بەشداری كردن لە پرۆسەی كەمگریەكە .

**ئومێد خۆشناو**
**پارێزگاری هەولێر**

**<u>وێنەیەك بۆ :</u>**

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی كردنەوە و شی كردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا .....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی كردنەوە و شی كردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەكان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جێ بەجێ كردن و كاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تكایە ئاگاداریەكە بڵاو بكرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تكایە ئاگاداریەكە بڵاو بكرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ......
- ✓ یەكیتی بەلێندەرانی كوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ كاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەكە